## بە ناوی خوای گەورەو ميهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نيشتمانيی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنـــان : ١**
**رۆژی دەرهێنــــان: ٢٠٠١/١/٩**

پـشت بـە حوكمـەكانی برگـە (١)ی مـاددەی (٥٦)و مـاددەی (٥٣) لـە ياسـای ژمـارە (١)ی هـەمواركراوی سـاڵی(١٩٩٢)و لەسـەر داواكـاريی وەزيـری داراييـو ئـابووری و ئـەو ياسـاكارييەش كـە ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستانی عێراق لـە دانيـشتنی نائاسـايی ژمـارە (٣)ی رۆژی (٢٠٠١/١/٩)دا ئەنجامی داوەو ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەش كە برگـە (٣)ی ياسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ١٩٩٧ پێمـانی داوە ، بڕياری دەرهێنانی ئەم ياسايەمان دا :

## ياســای ژمــارە ( ١ )ی ســاڵی ( ٢٠٠١ )
## ياســای بوجــەی ساڵی ( ٢٠٠١ )ی هەرێمی كوردســتانی عێــراق

**ماددەی يەكەم :**

١. بۆ خەرجی ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستانی عێراق و وەزارەتەكان و ئيدارەكانی هـەرێم بـۆ ساڵی (٢٠٠١) كۆی (٢٢٧٢٣٢٥٠٠٠) دينارو (١٨٠٠٠٠) دۆلاری ئەمريكی دادەنرێ
   أ- بـۆ ئەنجومـەنی نيـشتمانيی كوردسـتانی عێـراق كـۆی ( ٣٨٢٥١٠٠٠ ) دينـارو (١٨٠٠٠٠ ) دۆلاری ئەمريكی .
   ب- بۆ وەزارەتەكان و ئيدارەكانی هەرێم كۆی ( ٢٢٣٤٠٧٤٠٠٠ ) دينار .
٢. بۆ بوجەی ساڵی ( ٢٠٠١ )ی كارگەو سەنعەتگاو دايـەرەو شـيركەت و بـانكی بازرگـانی و بانكـە پسپۆرە خۆماڵدارکارەكان ( ذات التمويل الذاتي ) كۆی ( ٣٥٦٧٥٤٠٠٠ ) دينار دادەنرێ :
   أ- بۆ كارگەو سەنعەتگاو دايەرەو شيركەتەكان كۆی ( ٣٣٦٧٠٥٠٠٠ ) دينار .
   ب- بۆ شيركەتە بازرگانييەكان كۆی ( ٢٠٠٤٩٠٠٠ ) دينار .
٣. بۆ بوجەی پلانی ( الخطة ) ساڵی ( ٢٠٠١ ) كۆی ( ٥٩٧٩٠٠٠٠٠ ) دينار دادەنرێ .
٤. بۆ ئەو ناوچانەی كە ئێستا كەتوونەتە دەرەوەی دەسـەڵاتی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتانی عێراقەوە ، هەمان ئەو تەخصيصاتە ئيعتيماد دەكرێن كـە لـە بوجـەی سـاڵی (١٩٩٧)ی هەرێمـدا تەسديق كراوە .

**ماددەی دووەم :**

كۆی داهاتی ساڵی (٢٠٠١)ی هەرێمی كوردستانی عێراق بە (١٤٩٢٤١١٨٧٠) دينار دەخەمڵێنرێ .

**ماددەی سێيەم :**

وەزارەتی داراييو ئابـووری هەرێمی كـوردســـــتانی عێـراق بـە پێـی داهـاتی دارايـی بەردەسـت ( المتاحە ) پارەداركردنی حساباتی وەزارەتەكان و ئيدارەكان دەگرێتە دەست .

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــــوردستان

**ماددەی چوارەم :**

سەرۆكی ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستانی عێراق بۆی هەيە لـەناو بوجـەی تايبـەتی ئەنجومەنـدا موناقەلە بكات .

www.mojkurdistan.com

**ماددەی پێنجەم :**

دەسەڵات بە وەزیری دارایی‌و ئابووری دەدرێ کە لە نێوان ئیعتیمادەکانی هەمان دەروازەدا موناقەلە بکات ، تەنیا ، بەشی مووچە نەبێت کە دەشێ بۆی نەقل بکرێ و ناشێ لێی نەقل بکرێ .

**ماددەی شەشەم :**

وەزیری دارایی‌و ئابووری بۆ مەبەستی فەراهەمکردنی ئەرك و مەسرەف بۆ ئەو ئیدارانەی کە بە بڕیار لە وەزارەتێ دابڕ دەکرێن و دەدرێنە وەزارەتێکی دی ، بۆی هەیە موناقەلە لە نێوان ئیعتیماداتی دەروازەکانی بوجەدا بکات .

**ماددەی حەوتەم :**

دەسەڵات بە وەزیری دارایی‌و ئابووری دەدرێ کە بوجەی تەسدیقکراوی ساڵی (٢٠٠١) بە ڕێژەی (١٪)ی کۆی ئیعتیمادە تەسدیقکراوەکانی بوجەکە زیاد بکات .

١. ئیعتیمادکردنی ئەو بڕە پارانەی کە بۆ بوجەی ئیدارە تازە دانراوەکانی ئەو ساڵە پێویستن .

٢. زیاد کردنی ئیعتیماداتی نوێ بۆ بوجەی وەزارەت و ئیدارەکان لە کات و حاڵەتی ناکاودا کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات .

**ماددەی هەشتەم :**

وەزارەتی دارایی‌و ئابووری ، لەبەر ڕۆشنایی کۆی هەموو ئەو مووچانەی لە بوجەدا تەسدیق کراوە ، تەیارو ئامادەکردنی یەکەکانی میلاکی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ، هی ساڵی (٢٠٠١)و تەسدیقکردنیشیان دەگرێتە دەست خۆی .

**ماددەی نۆیەم :**

دەسەڵات بە وەزیری دارایی و ئابووری دەدرێ لە ماوەی دوو هەفتەدا کە لە ڕۆژی دەرهێنانی ئەم یاسایەوە دەست پێ دەکا ، ڕێنمایی پێویست بۆ دیارکردنی دەسەڵاتی سەرف کردن بۆ ئیدارە حکومییەکان دەربکات .

**ماددەی دەیەم :**

وەزیری دارایی‌و ئابووری بۆی هەیە ، بۆ ساناکردنی بەکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕێنمایی پێویست دەربێنێ .

**ماددەی یازدەهەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی ( ٢٠٠١/١/١ )ەوە دەخرێتە کارو ، لە وەقایعی کوردستانیشدا بڵاو دەکرێتەوە .

**د . ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com